گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٦٣ – ٢٠٢٥ ISSN: 2520-4106

# ئایین و کۆمەڵگە لە دیدی زەینەب خاندا

**هاوێر ئەردەلان بەکر**

**قوتابیی ماستەر (ئەدەب) زمانی کوردی**

**کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەددین**

**hawerhawezi٢٤@gmail.com**

**ئومێد عەزیز موستەفا**

**بەشی زمانی کوردی/ ک. پەروەردەی بنەڕەتی/ ز. سەلاحەددین**

**umed.Mstafa@su.edr.kud**

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی هزر و تێڕوانینی زەینەب خان لە شیعرەکانیدا بەرانبەر ئایین و کۆمەڵگە. جیهانبینی بەشێکە لە پێکهاتەی کولتووری، هەر بۆیە ئایین و پرسە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە جێی سەرنج و ڕامانی شاعیر، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە بەشێوەیەکی تایبەت دید و تێڕوانینی خۆی لەبارەیانەوە بخاتەڕوو. تێڕوانینی شاعیر بۆ ئایین ئەرێنییە، سوودی لە بەها ئایینییەکان وەرگرتووە بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوشت و چاکەکاری. ئەمەش بەکاریگەری خانەوادەکەی و خوێندنە ئایینییەکەیەوە بووە. زەینەب خان، وەک شاعیرێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگە، کێشە و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، هەڵبەتە ئەمەش جیهانبینیی ئەومان بۆ ڕوون دەکاتەوە بەرانبەر بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، کە بووەتە ئاوێنەیەک بۆ گەیاندنی بابەتەکانی. لێرەدا هەردوو بابەتەکە بەسەریەکەوە بوونەتە کرۆکی توێژینەوەکەمان و دەچێتە خانەی جیهانبینیی تایبەتی لە چوارچێوەی جیهانبینیی سەردەمێکدا. توێژینەوەکەمان لە دوو بەش و چوار تەوەر پێک هاتووە، هەر تەوەرێک چەند بابەتێکی لەخۆ گرتووە و ئەم بابەتانە گرنگیی توێژینەوەکەمان دەردەخەن و بۆ ئەم توێژینەوەمان پێڕەوی ڕێبازی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی- ڕەخنەی شیکاری و ئامارمان کردووە و ئەو نموونە شیعرییانەی کە بەکار هاتوون، بەپێی پێویست شیکردنەوەمان بۆ کردوون.

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٤/٧

پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٦/٢

بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٧/٢٧

**کلیلەوشە:**

جیهانبینی، ئایین، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، شیعر، زەینەب خان.

▪ گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات. گۆڤارەکە لێکۆڵینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە. ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.

## (١) پێشەکی

جیهانبینی لە شیعردا، خستنەڕووی شێوازی تێڕوانینی شاعیرە بۆ ژیان و گەردوون و مرۆڤایەتی، گوزارشتە لە ئەزموونی کەسی و تێگەیشتنیەتی بەرانبەر جیهانی دەوروبەری. لەم چوارچێوەیەدا ناونیشانی توێژینەوەکەمان ئایین و کۆمەڵگە لە دیدی زەینەب خاندا، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە ئەوەیە دەمانەوێت بزانین تاچەند شاعیر کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایین و پرسە کۆمەڵایەتییەکان، لەلایەکی دیکەدا بەراوردکردنی تێڕوانینیەتی وەک ئافرەتێک، کە تاچ ڕادەیەک ئەم تێڕوانینە لەگەڵ ئەو پرسانەی ئاماژەمان پێدان دەگونجێت، یاخود ناکۆکن. چونکە شاعیر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی و ئەو خوێندنە ئایینیەی کە لە سەرەتای تەمەنیدا خوێندوویەتی، ئەمەش بە شێوەیەک کاریگەری لەسەر دیدی شاعیر هەبووە، بە ڕادەیەک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە. لەژێر ڕۆشنایی ئەم کاریگەرییە، سنووری توێژینەوەکەشمان، لە چاچێوەی دیوانی زەینەب خان، کچە کورددایە. پرسی توێژینەوەکە: ئایا تێڕوانین و دیدی شاعیر وەک ئافرەتێک بۆ ڕووداو و بابەتەکان چۆن و چی بووە؟

ئامانجی توێژینەوەکە، دەرخستن و نیشاندانی بیرکردنەوە و جیهانبینیی زەینەب خانە، وەک ئافرەتێکی شاعیر لە سەدەی بیستەمدا بە نموونە وەرگیراوە، بەهۆی فرەڕەهەندیی ناوەڕۆکی شیعرەکانی و خۆیەکلاییکردنەوەی لە بۆچوونەکانیدا، لە زۆر ڕوانگەوە لە شاعیرانی سەردەمەکەیدا جیاواز بووە. لەم ڕووەوە سەرچاوەی زۆرمان هەن کە باس لە ژیان و بەرهەمەکانی زەینەب خان دەکەن و دوای چاپکردنی دیوانی زەینەب خان کچە کورد لەساڵی ٢٠١٨دا، ڕاستەوخۆ سەرنجی ئەدیب و ڕەخنەگرانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و لە پێشینەی توێژینەوەکەماندا باس لەو سەرچاوانە دەکەین و بەکورتی ناوەڕۆکیان دەخەینەڕوو:

یەکەمین سەرچاوە (قەرەداغی، مەهاباد، بەهاری ٢٠١٨، گەنجینەی تازە دۆزراوە زەینەب خان شاژنی بێ عەرشی شیعرستانی سەدەی بیستەم، گۆڤاری شیکار، ژ ٢٣، هەولیر). توێژینەوەیەکە (توێژەر بە هەردوو میتۆدی کۆمەڵناسی و دەروونناسی ڕاڤەی ژیان و شیعرەکانی زەینەب خانی کردووە). (قەرەداغی ٢٠١٨ : ٧٣-١٠٤).

لە سەرچاوەیەکی تردا (سەید برایم، ڕابەر ٢٠١٨\٧\١٣، ئەستێرەیەکی بزر لەبەرزایی ئاسمان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ٧٦٠٤). نووسەر لەم وتارەیدا (شیکردنەوە بۆ شیعرەکانی دەکات و لەلایەنی زمانەوانییەوە هەموو ئەو وشە پەتیە کوردییانە لە دەقەکانیدا بەپێی مێژووی نووسینی دەقەکان ڕیز دەکات). (برایم، ٢٠١٨\٧\١٣).

(ڕەسووڵ، شوکریە شەکراو ٢٠١٨ زەینەب خان کچە کورد ١٩٠٠- ١٩٦٣ خانمە شاعیری پێشەنگ لە خەبات و کۆڵنەداندا، هەولێر)، توێژینەوەیەکە تیایدا توێژەر (خوێندنەوەی بۆ ژیان و شیعرەکانی شاعیر ئەنجام داوە ). (ڕەسووڵ ٢٠١٨ : ١- ٢١٥).

(المفتی، عثمان اب ٢٠١٨ زینب خان الادیبة الكبيرة التي لم ينصفها التاريخ، اربيل). نامیلکەیەکە نووسەر بە چوار تەوەر ئاوڕی لە کەسایەتیی شاعیر داوەتەوە بەم شێوەیە: (زينب خان الانسانه: فی المجتمع : الاديبه: المناضلة). (المفتی ٢٠١٨ : ١- ٤٠).

(عارف، محمد نووری ٢٠١٨، زەینەب خان کچە کورد: ١٩٠٠-١٩٦٣ ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرەی کە مافی خۆی پێنەدراوە)، ئەمەش نامیلکەیەکە نووسەر تیایدا باسی (کورتەیەک لە ژیانی شاعیر، هەندێ تێبینی لەبارەی ڕۆشنبیری، هەولێری

هۆلاکۆبەزێن، کەرکووکی کوردستان، مرۆڤدۆستی لای زەینەب خان دەکات، لە کۆتاییشدا چەند پێشنیازێک دەخاتە ڕوو). (عارف ٢٠١٨ : ٣- ٧٠) .

(عەبدوڵلا، سەروەر ٢٠١٩ دیوانی زەینەب خان و چەند سەرنجێکی دەقناسی لەمەڕ نادروستی تێکستەکانی، ماڵپەڕی چاودێر). توێژەر لەم توێژینەوەیەدا (هەوڵی ساغکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی دیوانی زەینەب خانی داوە). (عەبدوڵلا، ٢٠١٩).

(ڕەسوول، سوداد ٢٠١٩\٨\١٥ دیوانی زەینەب خان کچە کورد ڕاستییە یان وەهم؟ گۆڤاری ڕامان، زانکۆی سۆران - فاکەڵتی پەروەردە، ژ٢٦٧). لەم توێژینەوەیەدا نووسەر ئەوە دەخاتە ڕوو کە (گومانی لە بوون و ڕاستی و دروستی دەقە شیعرەکانی زەینەب خان هەیە). (ڕەسووڵ، ٢٠١٩: ٧٧-٨٦).

(عەلائەدین، عەبدولخالق، ٢٠٢٠\٢\١٥، زەینەب خان لە نزیکەوە، گۆڤاری ڕامان، ژ ٢٧٣، بەریتانیا). لەم وتارەدا سەرەتا نووسەر (باس لە پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری شاعیر و بیرە نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەکەی دەکات). (عەلائەدین، ٢٠٢٠ : ١١٧-١٢١).

(موفتی، عوسمان ڕەشاد، ٢٠٢٠، زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماد). ئەمەش کتێبێکی ترە نووسەرەکەی نۆزدە بابەتی جۆراوجۆری سەبارەت بە (بنەماڵەی خادیم سوجادە و ژیانی زەینەب خانەوە خستووەتە ڕوو، پاشان نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی و ڕۆڵی شاعیری لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئەوسای قەڵاتی هەولێر و بنەماڵەی سەعید ئاغای هاوسەری زەینەب خان خستووەتە بەردیدی خوێنەرانەران). (موفتی،٢٠٢٠ :٩-١٣٨).

(فەرەج، هۆگر مەحموود، ٢٠٢٠\١\١٥، دیوانەکەی زەینەب خان کچە کورد گومانە کوردانەکەمان، زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زمان، گۆڤاری ڕامان، ژ ٢٧٢). ئەمە توێژینەوەیەکە توێژەر تیایدا (هەوڵی ساغکردنەوەی ڕاستی و دروستی بوونی شاعیر و شیعرەکانی دیوانەکەی دەدات). (فەرەج،٢٠٢٠: ٦٠-٦٨).

(مەعرووف، عەبدولڕەحمان، ١١\١٥-١٢\٢٠٢٠، زەینەب خان کچە کورد لە ویژدانی چەند کەسایەتییەکدا، گۆڤاری ڕامان ژ ٢٧٧\٢٧٨). ئەمە وتارێکە نووسەر تیایدا (باسی کەسایەتی شاعیر و هەندێک بیرەوەریی خانەوادەکەی لەزاری چەند کەسایەتییەکەوە دەخاتە ڕوو). (مەعرووف،٢٠٢٠: ٥٧-٥٨).

(عەلائەدین، عەبدولخالق لێکۆڵینەوەی پەراوێز – مەزهەر، کەمال، پێشەکی ٢٠٢١، کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە کۆکردنەوەی زەینەب خان مەلا ڕەئووف خادم سوجادە، چاپی یەکەم). نووسەر لەم کتێبەدا جگە لە (بابەتەکانی: ژیانی زەینەب خان و ڕاڤەکردنی چەند دەقەشیعرێکی و بەرهەمەکانی شاعیر، ئەو هۆنراوە فۆلکلۆرییانەی زەینەب خان، کە لە ماوەی ژیانیدا کۆیکردبوونەوە چاپ کردووە). (عەلائەدین،٢٠٢١: ١١- ٣٩٠).

(غەمبار، کەمال، ٢٠٢١، ژیاننامەی زەینەب خان لە هۆنراوەکانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانە ماد). ئەمەش کتێبێکی ترە نووسەر تیایدا (لە نموونە شیعرییەکانی شاعیردا بەسەرهاتەکانی ژیانی دەخاتە ڕوو، هەندێک لەدەقە شیعرییەکانیش شی دەکاتەوە). (غەمبار ٢٠٢١: ١١-٥٠٤) .

(مەعرووف، عەبدولڕەحمان، تەمووزی٢٠٢٢، وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسوول، دیوانەکەی

زەینەب خان ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، گۆڤاری دیوان، ژ ١٤). (مەعرووف، ٢٠٢٢ :٤٤-٤٨).

(حەیدەری، مومتاز، پایزی ٢٠٢٢، دیوانی کچە کورد زەینەب خان شاکارێکی مەزن، گۆڤاری مێژووناسی، ژ٣). نووسەر لە وتارەکەیدا (باس لە گرنگی بەرهەمەکانی زەینەب خان دەکات وەک: مەولوودنامەکەی، کە دەرخەری شارەزایی و زمانزانی شاعیرە، پاشان ناوەڕۆکی هەندێک لە شیعرەکانی دیوانی کچە کورد ڕاڤە و شی دەکاتەوە). (حەیدەری،٢٠٢٢ :٢٠٢-٢١٠) .

بڵند، باخەلان، ٢٠٢٤، زەینەب خان لەنێو دونیای چەمکە جیاوازەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانە کوردستان، سنە). ئەمەش کتێبێکە، توێژەر (بەپێنج باس لە چەمکە جیاوازەکانی دونیای شیعری زەینەب خانی کۆڵیوەتەوە). (باجەلان، ٢٠٢٤ :١-٢٦٤).

لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەی شیکاری و ئامار وەرگرتووە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان لە دوو بەشی سەرەکی و چوار تەوەر پێک هاتووە بەم شێوەیە: بەشی یەکەم دوو تەوەر لەخۆی دەگرێت، تەوەری یەکەم چەمک و پێناسەی جیهانبینی، تەوەری دووەم جۆرەکانی جیهانبینی. بەشی دووەمیش لە دوو تەوەر پێک هاتووە، تەوەری یەکەم ئایین لە دیدی زەینەب خاندا، تەوەری دووەم ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دیدی زەینەب خاندا. لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی خراوەنەتە ڕوو.

**(٢) ١-١ چەمك و زاراوەی جیهانبینی:**

جیهانبینی وەک زاراوەیەک، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ناساندنی ناسنامەی تاک و کۆمەڵدا، چونکە ڕۆڵ لە دیاریکردنی چۆنیەتیی کاریگەربوونی تاک لەگەڵ کۆمەڵگە و ژینگەی دەوروبەریدا دەبینێت. سەرەتا ئەم زاراوەیە لە بواری فەلسەفەدا بەکار هاتووە، پاشان هاتووەتە نێو بوارەکانی دیکەوە، ڕەخنەی ئەدەبییش وەک یەکێک لەم بوارانە، سوودی لەم زاراوەیە وەرگرتووە. بۆ شرۆڤەکردنی زیاتریش پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئەم زاراوەیە.

لەگەڵ پەیدابوونیدا، مرۆڤ بێ دەرککردن بەم چەمکە، خاوەن جیهانبینییەکی سادە و ساکاری خۆی بووە بۆ هەڵسەنگاندنی دەوروبەرەکەی. دەربارەی زاراوەی جیهانبینی «ڕەگ و ڕیشەی لەزاراوەی کۆنی ئەڵمانیدا (Weltanschauung) هاتووە، کە بە واتای بیرکردنەوە، یان ئایدیۆلۆژیایەکی فرەوان دێت (welt). بە مانای جیهان دێت و (Anschauung) بە مانای تێڕوانین بینین دێت. جیهانبینی ئاماژەیە بەوەی، مرۆڤ چۆن بیر لە جیهان و دەوروبەری دەکاتەوە. بە جۆرێک جیهانبینی جیاکەرەوەیەکی تایبەتە، بیری کۆمەڵ و گرووپێکی پێ دەناسرێتەوە، کە لەسەردەمێکدا دەژین. ئەو زاراوە ئەڵمانییە (Weltanschauung)بە واتای جیهانبینی دێت، دەتوانرێت وەک زاراوەیەکی ئەدەبی بەکار بێت، بۆ ئاماژەکردن بە هەڵوێستی نووسەرێکی دیاریکراو بەرانبەر بەو تێڕوانینەی بۆ جیهان هەیەتی» (عزالدین، ٢٠٢٣ :٦). بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت، سەرەتا زاراوەکە لە فەلسەفەی ئەڵمانیدا دروست بووە. زاراوەی جیهانبینی لە زمانەکانی تردا، بەم شێوەیە هاتووە: «لەزمانی فەڕنسیدا بە vision du monde و لەئینگلیزی بە world view یان view of the world.» (حەوێزی،٢٠١٣: ١١). لەزمانی عەرەبیشدا، ئەم زاراوەیە رؤية العالم «بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەرگێڕدراوی بەرانبەری هەمان زاراوەیە، لەزمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و زمانەکانی دیکە دایە» (ملكاوي،٢٠٢١: ٤١). لە زمانی فارسیشدا بە «جهان گری، جهان بینی»

(شەریفی،٢٠٠٧: ٢٥٧) ناونراوە. لە زمانی کوردیشدا زاراوەکانی جیهانبینی، گۆشەنیگا، ڕوانگە، دونیابینی، دید و تێڕوانیین، هاوواتای یەکترین و هەرتوێژەر و ڕەخنەگرێک یەکێک لەم زاراوانە بەکار دێنێت، بەڵام باوترینیان لە ئەدەبی کوردیدا جیهانبینییە.

بەم شێوەیە، جیهانبینی بوو بە بازنەیەک بۆ لەخۆگرتنی ژیان و هەموو ئەوەی پێوەندی بە مرۆڤەوە هەیە. «کاڵبوونەوەی سنووری نێوان زانستە مرۆڤایەتییەکان و سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی تازەی ئەدەبییات، کە لەڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییەوە تەماشای هونەر و داهێنان دەکرا، بە واتایەکی تر پێوەستکردنی ئەدەب بە کۆمەڵگە و چینە جیاوازەکانی کە دواتر بوو بە قوتابخانەیەکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبی بەناوی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و تەکانێکی زۆر بەهێزی بەم زاراوە و هاوواتاکانی بەخشی، بووە هۆی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی تازە و چەندان زانا و تیۆرستی ئەدەب لە نموونەی (مەدام دی ستایل) (١٧٦٦-١٨١٧) ، (کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣ز)، (جۆرج لۆکاش) (١٨٨٥-١٩٧١) و (لۆسیان گوڵدمان) (١٩١٣-١٩٧٠)...تاد. پەیدابوون، کە بەبیروڕا تازەکانیان توانیان دەروازەیەکی نوێ بۆ ڕەخنە و داهێنان بخەنە سەر پشت» (ڕەسوڵ،٢٠١٣: ٢٩). کەواتە زاراوەی جیهانبینی، بوو بەیەکێک لەبنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بەتایبەتیش میتۆدی (بونیاتگەری پێکهاتەیی). لەم میتۆتەدا، دەق و خوێنەر، پێوەندییەکی بەیەکەوە بەستراون، بەمەش بونیادە کۆمەڵایەتییەکە دێتە ئاراوە، لەم ڕێگەیەشەوە جیهانبینی ڕۆڵی خۆی لە ئاراستەکردنی تاک و کۆمەڵدا دەگێڕێت.

**١- ١- ٢- پێناسەی جیهانبینی:**

جیهانبینی ڕوانینێکی تایبەتی تاک و کۆمەڵە بۆ جیهان و دەوروبەرەکەی، هەر تاکێک خاوەن جیهانبینی و دونیابینیی خۆیەتی، کە ئەنجامی پاشخانێکی مەعریفی و ڕۆشنبیری و کولتوورییە، ئەمەشی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی دەوروبەری وەرگرتووە، کە لێکدانەوەی ڕووداو و پێشهاتەکانی پێ دەکات.

پێناسەکانی جیهانبینی لە ڕوانگەی هەمەجۆرەوە کراون، لێرەوە بە پێویستی دەزانین هەندێکیان بخەینە ڕوو: لە فەرهەنگی (ئێکسفۆرد)دا، بەمشێوەیە ناسێندراوە: «جیهانبینی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی کەسێکە بۆ ژیان و دەوروبەری، بۆ ئەوەش پشت دەبەستێت بە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی کەسەکان و ئەو تێڕوانینەی هەیانە، بۆ نموونە: ئەو پەروەردەیەی دەخوێنرێت، هۆکارە بۆ نەخشاندن و داڕشتنی جیهانبینی کەسێک» :Hornby ٢٠١٠ ) (١٧٨٠. لەم پێناسەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، وێڕای ئەوەی کە تاک خاوەن جیهانبینییەکی تایبەتە، لەگەڵ ئەوەشدا پەروەردە یەکێکە لە بنەماکانی دروست بوون و گەشەسەندنی جیهانبینی لای تاک و کۆمەڵ. «جیهانبینی ئاستێکە لە ئاستەکانی هۆشیاریی جیهانی دەوروبەرمان، گریمانەیەکی گشتی هەیە، کە مەعریفە و هۆشیاری دەبنە ئاماژەیەک بۆ ئەو چوارچێوەیەی، کە چەمکە گشتییەکەی بیروباوەڕی تاک هەڵی گرتوون» (زاید ٢٠١٥: ٧)، کەواتە: هۆشیاری و مەعریفە و بیروباوەڕی تاک، بە شێوەیەکی گشتی دەرخەری جیهانبینیی تاکن، بە واتایەکی تر، بیروباوەڕ و هۆشیاریی تاک دەکەونە بازنەی جیهانبینیی تاکەکانی نێو کۆمەڵەوە.

لە ناساندنێکی دیکەدا، جیهانبینی بەم شێوەیە هاتووە: «پلانێکە بۆ گۆڕینی جیهان، واتە: کۆمەڵێک ئامانجە، کە مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، بۆ ئەوەی جیهان پێوەست و هاوسەنگتر بکات، تاوەکوو توانا و هێزی زیاتری هەبێ؛ بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی جیهان بە شێوەیەکی باشتر بەکاربخات بۆ بونیادنانی ژیان و گوزەرانێکی گونجاو و باشتر» (سراي ٢٠١٨:

٥٢). لێرەدا جیهانبینی نەخشەڕێگەیەکە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ژیانی تاکدا بکات بە ئاراستەیەکی باشتر و لەبارتر.

**١- ١- ٣- جیهانبینیی تایبەتی:**

هەموو تاکێک خاوەنی جیهانبینییەکی تایبەتە، مەرج نییە ئەم جیهانبینییە کامڵ و پێگەیشتوو بێت، چونکە ئەم تێڕوانینە، دەکەوێتە ژێر کاریگەریی چەندان هۆکاری کولتووری، پەروەردە و فێرکردن، ئەزموونە کەسییەکان، ئایین، زانست و فەلسەفە... جیهانبینیی تایبەتی «تێڕوانینێکە لەلایەن تاکەوە بۆ بوون و جیهان و مرۆڤ کە هێشتا قاڵبی نەگرتووە، بۆچوون و گۆشەنیگای کەسێکە وەکوو هەبوونێکی تایبەتمەند کە ئەو گۆشەنیگایە هێشتا ناوێکی دیاریکراوی لێ نەنراوە. واتە ئەم جۆرە جیهانبینییە کە تاکێک هەیەتی، نەچووەتە ناو چوارچێوەی فەلسەفە و ڕێبازێکی دیاریکراوەوە» (کەریم ٢٠١٣: ١٦). جیهانبینیی تایبەتی، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە دیاریکردنی ئەوەی مرۆڤ چۆن ڕووداوەکان لێک دەداتەوە و بڕیار دەدات و پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دروست دەکات. بۆ نموونە ڕەنگە کەسێک لە ڕوانگەیەکی زانستی و ماتریالیستییەوە بە پشتبەستن بە ڕاستی و ئەزموون سەیری جیهان بکات، لە بەرانبەردا ڕەنگە کەسێکی دیکە ڕوانگەیەکی ڕۆحی وەربگرێت، کە گرنگییەکی زۆر بە ڕەهەندە ڕەوشتی و میتافیزیکییەکان بدات. جیهانبینیی تایبەتی «ڕوانینی تاکە کەسە بۆ شتە ماددییەکانی دەوروبەر و بیرکردنەوە و سەرنجدان و مەزەندەکردنی شتە مەعنەوییەکان، بەپێی ژێرخانی مەعریفی و چۆنیەتیی تێرامان و هەڵسەنگاندنی (ئەو کەسە) بۆ شتەکان» (شەوڕۆ و سلێوە ٢٠١٧ :٨). بەوپێیەی جیهانبینیی تاکەکان جێگیر نین، بە تێپەڕبوونی کات لە ڕێگەی فێربوون و گفتوگۆی فیکری و ئەزموونی نوێی ژیانەوە دەگۆڕدرێن. بۆیە جیهانبینی هەر تاکێک ڕەفتار و هەڵوێستەکانی لە ژیاندا لە قاڵب دەدات.

**١- ١- ٤- جیهانبینیی گشتی:**

جیهانبینیی گشتی ئەو چوارچێوە فیکرییەیە، تاک و کۆمەڵگەکان بۆ تێگەیشتن لە واقیع و ڕێکخستنی ژیانی خۆیان بەکاری دەهێنن. «ڕوانینێکی گشتگیرە بۆ مرۆڤبوون و جیهان کە چوارچێوە و پایەکانی ڕۆشن و هارمۆنی و بەیەکداچوون. ئەم بەشەی جیهانبینی دەکرێت هاوواتا بێت و بدرێتە پاڵ زۆرێک لە زاراوە و ڕوانینی دیکەی وێنەی ئایدیۆلۆژیا و ڕێباز و ئایین و فەلسەفە و زانست و... وەکوو دەکرێت بگوترێت (جیهانبینیی زانستی، جیهانبینیی ئایینی، جیهانبینیی ئیسلامی، جیهانبینیی چەپگەری، جیهانبینیی بوونگەری» ( کەریم، ٢٠١٣: ١٦).

کەواتە، جیهانبینییەکان لە سەرانسەری کولتوور و فەلسەفەکاندا جیاوازن. هەندێکیان ئایینین، ژیان لەسەر بنەمای باوەڕ لێک دەدەنەوە؛ هەندێکی تریان زانستین، پشت بە شێوازی تاقیکاری دەبەستن؛ هەندێکی تر ماتریالیستن، تیشک دەخەنە سەر لایەنە فیزیکییەکان و هەندێکی تریش ڕۆحین، پێوەندییان بە مانا نامادییەکانەوە هەیە. ئەم دیدە کۆمەڵێک بیروباوەڕ و تێڕوانین لەبارەی بوون و سروشت و زانین و بەهاکان و ئەخلاق لەخۆ دەگرێت. جیهانبینیی گشتی «پشت بە (وتە) زمانییەکان دەبەستێت، جیهانبینیی فرەوان و گەورەیە تێکست بەشێکی بچووکیەتی، جیهانبینی فەزایەکی تێکەڵە لە بیر و ئەندێشە و وێنەی موجەڕەدی شتەکان و تێکستی هونەری لە فۆڕمە مادییەکەیدا دەقی پێ دەگرێت» (بەرزنجی ٢٠١٩: ١١). بەم شێوەیە، جیهانبینی کاریگەری لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوە و بڕیاردان و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیمان هەیە. جێگیر نییە بەڵام

ڕەنگە لە ئەنجامی ئەزموونەکان و گەشەسەندنی فیکریدا بگۆڕێت.

### ١- ٢- جۆرەکانی جیهانبینی:

فەلسەفەی ژیان لەسەر جۆرێک باوەڕ و تێڕوانین و هەڵسەنگاندن سەبارەت بە بوون دامەزراوە، ئەمەش پشت بە جۆرێک لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی جیهان دەبەستێت، ڕێبازەکان وەک ژێرخان دادەندرێن و پاڵپشتییەکەی پێی دەگوترێت جیهانبینی.

### ١- ٢- ١- جیهانبینی ئایینی:

جیهانبینی لە ئاییندا واتا خوێندنەوە و بینینی جیهان لە ڕوانگە و گۆشەنیگای ئایینییەوە، «مرۆڤ لە پێش ئایین و دەقە ئایینییەکاندا شێوازێکی سادە و ساکاری هەبووە لە باوەڕداری و ئاینداری و خوداناسیدا. هەمیشە خودای وا بەرجەستە کردووە کە لە ئەندێشە و خولیایدا هاتوچووە» (جەمال ٢٠١١: ١٠٥). لە ئەنجامی ئەم تێڕوانینانەدا، مرۆڤ پەنای بردە بەر بەرجەستەکردنی بوونی خودایەک و پەرستنی بە شێوەی جیاواز وەک: بت و پەیکەردروستکردن، نیگارکێشان، دیاردە سروشتییەکانی وەک مانگ و ڕۆژ و هەورەبروسکە... دواتر لای فەیلەسووفە یۆنانییەکان بەتایبەتی (ئەفلاتون)، تێڕوانین و دەرککردنی بۆ بوونی خودا ورد و قووڵتر بووەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: «پێویستە بیر لەخۆر و زەوی و هەسارەکان و لە هەموو شتێکدا بکەینەوە و تەنانەت سیستەمی سەرسوڕهێنەر و جوان و جیاوازی ساڵ و مانگ و هەموو ئەمانە جگە لە بەڵگەی بوونی خودایەکی بەهێز هیچی تر نییە.» (عبدالحمید، ٢٠٢٠: ٢٣). کەواتە: ئەفلاتوون بیرکردنەوەی بەرەو هەستکردن بە بوونی خودایەک بۆ ئەو گەردوونە دەڕوات، کە کاری گەردوون ڕێک دەخات و بەڕێوەی دەبات و زانیاری لەبارەی هەموو شتێکەوە هەیە.

دوای هاتنی ئایینەکان بەگشتی، جیهانبینی ئایینی ئامانجی ئەوە بووە، لێکدانەوەیەکی گشتگیر بۆ واقیع و مانای ژیان و ڕۆڵی مرۆڤ تێیدا پێشکەش بکات، «جیهانبینی ئیسلامی بۆ گەردوون و ژیان، جیهانبینییەکی یەکتاپەرستییە؛ واتە ئێمە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە سەیری بوون و جیهان و مێژوو و واقیع دەکەین، لە دیدێکی یەکتاپەرستییەوە کە ئیسلام هێناویەتی.» (بن لحسن، ٢٠١٦: ١١). یەکتاپەرستییش باوەڕێکە؛ چەمکێکی هەمەلایەنە بۆ بوون و ئەمەش زۆرێک لە زانایانی موسڵمان ئاماژەیان پێ کردووە. لەم بارەیەوە (اسماعیل ڕاجی الفاروقی) دەڵێت: بەهۆی (ئەوجیهانبینیەی کە ئیسلام لە هۆشی مرۆڤی موسڵماندا دایمەزراند، موسڵمانان دەستیانکرد بەدروستکردنی زانست و مەعریفە، بنیاتنانی سیستەمەکان و کۆمەڵگەکان، یەکێک لە گەورەترین شارستانییەتەکان بە مرۆڤایەتی دەبەخشن. ئەگەر ئیسلام جەوهەری شارستانییەتی ئیسلامی بێت، ئەوا یەکتاپەرستی جەوهەری ئیسلامە. باوەڕی یەکتاپەرستی کە پێغەمبەران هێنایان و لەلایەن ئیسلامەوە لە سەرچاوەکانی قورئان و سوننەتدا بڵاو کرایەوە، دیدگای بوون (وجود) یان دامەزراند لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی خودای گەورە و پێوەندیی نێوان خودا و مرۆڤ و گەردوون پێناسە دەکات. ئەو یەکتاپەرستییەی کە جەوهەری ئیسلامە، نوێنەرایەتی جیهانبینێکی یەکگرتوو بۆ واقیع، ڕاستی، جیهان، کات، فەزا و شوێن دەکات). (الفاروقي، مجموعة مؤلفين، ١٩٩٨: ١٣١-١٣٧). بەمەش ڕەهەندی ڕۆحی و دانایی ئایینی تێکەڵ بەیەکتری دەکرێن، ئەمەش بۆ گرنگیدانە بە جەوهەری ڕەوشتی و ڕۆحی.

### ١- ٢- ٢- جیهانبینیی کۆمەڵایەتی

جیهانبینیی کۆمەڵایەتی، ڕوانگەی مرۆڤ بەرانبەر کۆمەڵگە دەردەبڕێت، واتا هەموو ئەو لایەنە کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی تێیاندا

دەبینێت. لێرەدا جیهانبینی هۆکارێکە بۆ تێگەیشتنی تاک و کۆمەڵ لە جیهانی دەوروبەریدا، چونکە «لای گۆڵدمان، هەموو بیرکردنەوەیەک سەبارەت بە زانستە مرۆڤایەتییەکان لەنێو کۆمەڵدا سەردەگرێ نەک لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵە». (دەشتی،٢٠١٣: ٨٤). ئەمەش لێکدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتییە، لەژێر کاریگەریی هۆکارە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینییەکاندا، کە پاشخانی فیکری و بەستێنی کۆمەڵایەتی تاک یان کۆمەڵ لەقاڵبدەدەن. ئەم چەمکە لای بیرمەندی کۆمەڵایەتی فەڕەنسی لۆسیان گوڵدمان جیهانبینی زیاتر وابەستەی کۆمەڵ دەکات، پێی وایە: «جیهانبینی نووسەر، زاراوەیەکە ئاماژەیە بۆ مانای ئەو بیرۆکە و ئاوات و هەستانەی کە ئەندامانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو هەیەتی و لەگەڵ گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا لەململانێدان، جیهانبینی بووەتە فۆرمێک هۆشیاری کۆیی پێ دراوە، چونکە جیهانبینی هۆشیاری بە کۆمەڵە لە ئەنجامی هەندێک بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی... هاتووەتە ئاراوە کە تاک ڕووبەڕووی دەبێتەوە» (شحید،١٩٨٠: ٤٤) .

لە جیهانبینیی کۆمەڵایەتیدا، زیاتر جەخت لەسەر تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی، وەک چینە کۆمەڵایەتییەکان، کارلێکی کۆمەڵایەتی و ژینگە، ئابووری، دەسەڵات، ڕۆشنبیری... دەکرێت. «بونیاد لای لۆسیان گوڵدمان، لێکچوونی لەگەڵ تیۆریی بونیادی جان بیاجەدا هەیە لەلای بیاجە چەمکی تیۆری بونیادی تەواو کاری خراوەتە ڕوو، بەڵام لەلای لوسان گۆڵدمان ئەم چەمکە لە بواری لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی ئەدەبدا پراکتیزەکراوە لە ڕوانگەی بونیادگەری پێکهاتەیدا، بنەمایەکی سەرەکی دەخرێتە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە هاوتابوونێک لەنێوان پێکهاتەی هونەری و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا هەیە و ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی جیهانبینیەوە دەتوانرێت لێی تێ بگەین» (عبدلمالک، ٢٠١٤ :٢٧٥).

## ١- ٢- ٣- جیهانبینیی لە شیعردا:

جیهانبینی لە شیعردا، گوزارشت لە تێڕوانینی مرۆڤ دەکات بۆ ژیان، بوون، پێوەندییەکانی مرۆڤ، سروشت و ڕۆح، دابینکردنی تێگەیشتنێکی قووڵە بەرانبەر بە ئەزموونی مرۆڤایەتی لەنێو دەقی شیعریدا، پردی گواستنەوەی جیهانبینیی شاعیر بۆ نێو دەق و لەڕێی ئەویشەوە بۆ خوێنەر زمانە، بەمەش شاعیر دەیەوێ لەڕێی زمانەوە گوزارشت لە جیهانبینیی خۆی لەنێو دەقدا بکات و لەدیدێکی جیاوازیشەوە تەماشای دیاردە و ئاریشەکانی نێو کۆمەڵگە دەکات و دەتوانێ واتایەکی نوێیان پێ ببەخشێت. لەم بارەیەوە لۆسیان گوڵدمان، لەنێوان دۆخی کۆمەڵایەتی و داهێنانی کولتووری ئەدەبیدا پرسی جیهانبینی دەگونجێنێت و دەڵێت: «جیهانبینی نیوەی داهێنانی کولتووری پێک دێنێت» (کەریم، ٢٠١٢: ٢٦). کەواتە: مانا لەشیعردا دەرخەری جیهانبینیی شاعیرە، جیهانبینیی شاعیریش لە شیعرەکانیدا، لەو پێوەندییە بەناویەکداچووانەی نێوان ژینگە و دەق پێک دێت. ئەمەش بەو مانایە نایەت، کە لایەنی ستاتیکیی دەق بکرێتە قوربانی، چونکە «ئەرکی ئایدیۆلۆژیا و ستاتیکا دوو ڕووی یەک دراون. بە جۆرێک مەحاڵە هونەریی بوونی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بێتە دی، ئەگەر هەردوو ئەرکەکە پێکەوە و لەیەک کاتدا جێبەجێ نەکات» (وادی ٢٠٠٣: ٤٢). بەمەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە واتا لەنێو دەقی شیعریدا گرنگە، بۆ گەیاندنیشی ئەم واتایە پێویستی بە کۆمەڵێک شێوازی هونەری هەیە، تاوەکوو ماناکان لە فۆرمێکی ئەدەبیی جواندا بەخوێنەر بگەن. لەگەڵ ئەوەشدا «جیهانبینیی شاعیر ڕوانین و تێگەیشتنیەتی لەشتەکان فەلسەفە و بیرکردنەوەیەتی لە ژیان و بوون و دیاردەکان، بیروباوەڕ و قەناعەتیەتی

دەربارەی ڕاستیگەلێک کە لەگەڵیاندا دەژی» (بەرزنجی، ٢٠١٨ :٣).

کەواتە پێوەندیی نێوان جیهانبینی و شیعر پێوەندییەکی پتەوە، دەتواندرێت دووپاتی ئەوەش بکرێتەوە، کە شیعر لە جیهانبینیی شاعیرەوە سەرچاوەدەگرێت بۆ ئەو واقیعە بەرجەستەیەی، کە لە جیهانبینی تایبەتی خۆیدا ڕەنگی داوەتەوە لەبەر ئەوەی «جیهانبینیی شاعیر تەنیا لە ڕەهەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، بەهای فیکریدا سنووردار ناکرێت، چونکە بەم شێوەیە زیاتر لە تیۆردارشتن نزیک دەبێتەوە نەک لە جیهانبینیی شیعری، وێڕای هەموو ئەو شتانەی کە واتای شەفافیەت و ڕاستگۆیی و شیعرییەت و جوانکاری دەبەخشن، بەڵام سەرچاوەی جیهانبینی شاعیر خۆی لە کۆمەڵگە و کۆی تایبەتمەندییەکانی ئەو ئەزموونە مرۆییە دادەتاشێت کە تێیدا دەژی» (شكري، ١٩٨٦: ٧٦) .

هەر لەم بارەیەوە تۆماس ئێلیوت ١٨٨٨-١٩٦٥ شاعیر و ڕەخنەگری ئینگلیز، شیعر و جیهانبینی بە یەکترەوە گرێ داوە و پێی وایە: «ئەرکی شیعر بەرجەستەکردنی فەلسەفەی ژیانە نەک وەک تیۆر بەڵکوو وەک جیهانبینی، تیایدا ئامانجی شاعیر خستنەڕووی جیهانبینییەتی بەرانبەر ژیان، ئەم جیهانبینییەش بە تەواوەتی دەرناکەوێت، ئەگەر پێکهاتە دەربڕینییەکەی ئەو ژیانە لەخۆ نەگرێت کە لە هزری مرۆڤدا دروست بووە» (عاطف، ٢٠٠٠: ٨٢). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە (ئێلیوت) ئەرکی داوەتە شیعر و تەنیا وەک دارشتنێکی زمانی سەیری ناکات، بەڵکوو شاعیر لەڕێی جیهانبینیی خۆیەوە لە دەقەکەیدا گوزارشت لەو واقعەدا دەکات، کە تیایدا دەژی.

جیهانبینی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئەدەبدا بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، لەهەر دەقێکی شێعریشدا بەگوێرەی واقیعی بابەتەکە دوو جۆر جیهانبینی بەدی دەکرێت، (یەکەم: جیهانبینیی بینراو، ماددیی پشت بە واقیعێکی بەرجەستە یان دیاردەیەک دەبەستێت، کە بە شێوەیەکی ماددی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دووەم: جیهانبینیی عەقڵ و دڵ، ئەویش لە ڕێی خستنەڕووی جیهانبینییەکانی شاعیر بەرانبەر بە بوونی خۆی و بوون، کۆی ئەزموونەکانی ژیانی) (منصور، المختار، ٢٠٢٢: ٤)، بەدیار دەکەوێت. هەردوو جیهانبینییەکە کاریگەرییەکی زۆریان لە شیعردا هەیە، هەندێک جار بەپێی زەمینەی فیکری و کولتووری بەناو یەکدا دەچن، یان پێچەوانەی یەکتری دەبنەوە.

### (٣) ٢- ١- ئایین لەدیدی زەینەب خاندا:

ئەم جۆرەی جیهانبینی وەکوو هەر یەک لە جۆرەکانی دیکەی جیهانبینی، خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دی، لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دیکە جیاوازە، ئەمەش بە گوێرەی ئایین و پاشخانە کولتوورییەکەی دەگۆڕێت. «جیهانبنیی ئایینی لە شیعردا پیشاندانی کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی ئایینییە، بەپێی ئەو تێگەیشتنەی شاعیر بۆ خودی ئایین هەیەتی دەردەکەوێت» (عزالدین، ٢٠٢٣: ١٣٦). کەواتە: شاعیران جیهانبینیی ئایینی بەکار دەهێنن بۆ پرسەکانی خۆبەزلزانین و سوپاسگوزاری و بەهای باوەڕ و باس لە هەستەکانی دڵەڕاوکێی بوونگەرایی و گەڕان بەدوای حەقیقەتدا دەکەن. «جیهانبینیی ئایینی دەتوانێت، لە شیعردا لە ڕێگەی هێما ئایینییەکان و ئاماژەدان بە دەقە پیرۆزەکان و بەکارهێنانی چیرۆکی پێغەمبەران و کەسایەتییە پیرۆزەکان، وەک هێما لە شیعرەکاندا دەربکەوێت» (سلام، ٢٠٠٦ :٣). کەواتە: هەموو ئەمانە بەشدارن لە پێدانی قووڵاییی ڕۆحی بە شیعری ئایینی. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە دیدگای ئایینی ئیسلامە لە شیعرەکانی زەینەب خاندا، ئایینی ئیسلامیش دەڵێت: «خوا میهرەبانە و هەموو توانایەکی هەیە و خولقێنەری زەوی و ئاسمان و

هەموو بوونە. تاکە و دایباب و منداڵی نییە و لەڕێی پێغەمبەر و نێردراوەکانییەوە ڕێنمایی مرۆڤایەتی کردووە» (ڕزگار، ٢٠٢٢: ١٢). ئەم تێگەیشتن و قووڵبوونەوەیە لە ئایینی ئیسلامدا لە بەشێک لە دەقە شیعرییەکانی زەینەب خاندا ڕەنگی داوەتەوە و جیهانبینیی ئەومان سەبارەت بەم بابەتانە بۆ دەردەخات.

**٢-١-١- بنەماکانی باوەڕ لە دیدی زەینەب خاندا:**

بێگومان بنەماکانی باوەڕ لە ئایینی ئیسلامدا شەشن، باوەڕنەهێنان بە هەریەک لەمانە دەرچوونە لەم ئایینە. زەینەب خانیش ئەمەی بە وردی لە شیعری "خودای بەخشندە"دا، کە ساڵی ١٩٤٥ نووسیویەتی دەرخستووە و پێی وایە:

گەر مرۆڤ

بڕوا بهێنێ بە گشت پێغەمبەر

تەورات و ئینجیل، قورئانی سەروەر

بە خودای تەنیا و بە قەزاوقەدەر

بە عیلم و زانین بە ڕۆژی مەحشەر

دەبێتە مەردی مەیدانی دوایی

بێ خەم دەچێتە سایەی خودایی (زەینەب خان، ٢٠٢٢: ١٥٦)

شاعیر لەم دوو دێڕەدا، بە ڕوونی پێبەندبوونی مرۆڤ بە بنەماکانی باوەڕ، وەک: خودا و پێغەمبەران، کتێبە ئاسمانییەکان، قەزا و قەدەر، ڕۆژی دوایی، هاوشانی ئەمانەش زانست دەکاتە بنەمایەکی دیکەی باوەڕهێنان. بەم شێوەیە پێی وایە گەر مرۆڤ بەم بنەمایانەوە پێبەند بێت لە ڕۆژی دواییدا دەکەوێتە بەر سێبەر و لێخۆشبوونی پەروەردگار.

**٢-١-٢- بیرکردنەوە لە بوونی خودا لە دیدی زەینەب خاندا:**

لە دیدی شاعیردا خودا تاکە و تایبەتمەندیی کامڵبوونی هەیە و هاوشێوەی نییە و خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەهایە، لە هەمان کاتدا مەبەستی دەرخستنی بێ هاوبەشی و بێ هاوتاییی خودایە. ئەم جیهانبینییەش پاڵنەرێکە بۆ بەهێزکردنی بیروباوەڕی خۆی و خوێنەر، هەروەها بیرکردنەوەشە لە هەموو تواناکانی پەروەردگار، ئەمەش لە چەندان دەقی شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە. لە شیعری "ناسین"دا، ساڵی ١٩٤٩ نووسیویەتی، دەڵێت:

کە زانی خودای تاک بێ هاوتایە

هەر ئەو دەمێنێ و باقی فەنایە

بە غەیری خودا خودای تر نییە

بێ شەریک ئەوە زاتی ئەڵڵایە. (زەینەب خان، ٢٠٢٢: ١٨٦) .

لەم دوو دێڕەی سەرەوەدا، پەروەردگار زاتێکی ئەزەلییە و هاوبەشی نییە و تەنیایە و کەسی نییە، هەر ئەو شایستەی پەرستنە. بێگومان دیدی شاعیر، هەڵگری باوەڕێکی ئایینیی قووڵە، چونکە باس لە مانەوەی خودا و لەناوچوونی هەموو بوونەوەرەکان دەکات.

**٢-١-٣- پێغەمبەر موحەممەد (د.خ.) لەدیدی زەینەب خاندا:**

پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد (د.خ.)، وەک کاریگەرترین و دوایین پەیامبەری خودا، بووەتە ئیلهامبەخشی بەرهەمی شیعریی زۆربەی شاعیرانی کورد، زەینەب خانیش وەک شاعیرێک لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەردا، کاریگەریی ئەم زاتە گەورەی لەسەر بووە. شاعیر دیدێکی ئەرێنی دەخاتە

ڕوو، کە پڕە لە ڕەحمەت و بەزەیی، هەروەها پێغەمبەر (د.خ.)، وەک هێمای شەفاعەت و ڕەحمەتی پەروەردگار وێنا دەکات. لە شیعری "بۆ محەمەد (د.خ.) پێشەوای مرۆڤایەتی"دا، کە ساڵی ١٩٤٩ نووسیویەتی، دەڵێت:

شەو تا بەیەنی، ڕۆژ تا ئێوارە

بکەم تەعریفی، زاتی ئەو یارە

پێم بەیان ناکرێ، وەسفی محەممەد

لە ئینسانیەتی ئەو پایەدارە

هەر ئەو شەفیعی گوناهکارانە

کلیلی دەرگای تۆبەکارانە (زەینەب خان، ٢٠٢٢: ١٩١).

لەم شێعرەدا بۆمان دەردەکەوێت، شاعیر شەو و ڕۆژ خەریکی پێناسەی ئەم زاتە بێت، ناتوانێت مافی تەواوی پێ بدات، چونکە لەمرۆڤایەتیدا باڵاترینە.

**٢-١-٤- ژیان و مردن لەدیدی زەینەب خاندا:**

لە فەلسەفە ئایینییەکاندا ژیان وەک ئەزموونێک یان سەفەرێکی کاتییە، لە ئایینی ئیسلامیشدا «ئەم دونیایە کێڵگەیەکە بۆ ژیانی دوای مردن لە دونیادا مرۆڤ ماندوو دەبێت و کاری زۆر دەکات، لە ژیانی دوای مردنیشدا پاداشتەکەی بەرەو ڕوو دەبێتەوە، ئەگەر چاکە، ئەوە چاکە، ئەگەر خراپە، ئەوە خراپە» (عبد الاە، ٢٠٢٠: ٢٠). لە شیعردا ژیان و مردن وەک دووانەیەکی ئەبەدی بەرجەستە دەبن، کە لە هەناوی خۆیدا مانا بەناویەکداچووەکانی سەرەتا و کۆتایی، خۆشی و خەم، بوون و نەبوون هەڵدەگرێت. زەینەب خان لەبارەی مردن و ژیانەوە چەند دەقێکی شیعری هەیە و دیدگای خۆی سەبارەت بەم بابەتە خستووەتەڕوو. لە شیعری "کەی هەق دەناسی"دا، کە ساڵی (١٩٣٨) نووسیویەتی لە دوو دێڕی کۆتاییدا، دەڵێت:

تەمەن چاوترووکانێکە، وەک برووسکە تێدەپەڕێ

گەنجی قاڕوونت لە دەست بێ، بەبێ ئیمانت بۆ چییە

تۆ ئەم دونیایە جێ بێڵی، ئەسەفە بیر نەکەیتەوە

قیامەت ماڵی بەقایە، ئەبەدی و بێ کۆتایی یە (زەینەب خان، ٢٠٢٢: ١١٣) .

لێرەدا جیهانبینیی شاعیرمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە ژیان و تەمەن وەکوو چاوترووکان و برووسکە لە تێپەڕبوونیاندا بەخێرایی دەچووێنێت، ئەم وێناکردنەش واتا ژیانی دونیا کاتییە و زوو تێپەڕ دەبێت و پشتبەستن بە سامان و خۆشییە ماددییەکانی بەتەنیا بێ بایەخن، مرۆڤ سەروەت و سامانی قاڕوونی هەبێ بێبەهایە، ئەگەر ئیمانی لەگەڵدا نەبێت. هەروەها ئاماژە بە گرنگیی ژیانی دوای مردن دەکات، وەک چارەنووسی کۆتایی، بەوپێیەی دەبێت ئەو ئامانجە ڕاستەقینەیە بێت، کە مرۆڤ هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، چونکە ژیانی دوای مردن هەمیشەیی و بێکۆتایە.

**٢-٢- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دیدی زەینەب خاندا :**

جیهانبینیی شاعیر بۆ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان دیدێکی بەهێز و هەمەلایەنە لەڕێی دەقە شیعرییەکانییەوە وا دەکات کۆمەڵگە بتوانێت ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان بێتەوە و گۆڕانکاری ئەرێنی بەردەوام بەدەست بهێنێت، چونکە «ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای واقیعێکی زیندوو و ڕەهەندی تاکەکەسیش لەسەر بنەمای هۆشیاری داهێنەر دادەمەزرێت، جیهانبینییش لە ئەنجامی پێوەندییەکی دیالێکتیکی نێوان هەر سێ توخمی: واقیع، داهێنەر و کاری داهێنەرانە دەردەرکەوێت»

(البحيري، ٢٠١٥: ١٦٧)، چونکە «ئەدەب بەرهەمێکی تاکی نییە وەک تێڕوانینێکی کەسیش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ناکەین. ئەم تێڕوانینە ئەگەرچی تاکیش بینووسێت گوزارشت لە ناخی کۆمەڵگە و تێڕوانینی خەڵک دەکات» (فضل، ٢٠٠٢: ٥٦).

زەینەب خان لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە تێگەیشتن و جیهانبینیی خۆی لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکاندا پێوەست بە بابەتەکانی ئافرەت، ڕەخنە، پەروەردە و فێرکردن، بەها مرۆییەکان، دەخاتە ڕوو. ئێمەش بەشێک لەم دەقانە شی دەکەینەوە و ڕوانگەی شاعیری تیادا ئاشکرا دەکەین.

**٢-٢-١- ئافرەت لە دیدی زەینەب خاندا:**

زەینەب خان لە خانەوادە و ژینگەیەکی کراوە و تەندروست پەروەدە و گەورە بووە، تیایدا ڕێز لە مافەکانی ئازادی و خوێندن و یەکسانی... ئافرەتان گیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەرکی بە ئازار و چەوساندنەوەکانی ئافرەتی کورد لەو سەردەمەدا کردووە، چونکە شاعیر «هۆشیارییەکی ئەوەندە باڵای ئافرەتانەی یەکسانخوازانەی هەیە کە کەموێنەیە لەجۆری خۆیدا. » (قەرەداخی، ٢٠١٨ :٩٠)، بۆیە جیهانبینیی خۆی لەچەندان دەقی شیعریدا بۆ مەبەستەکانی یەکسانی و ڕۆڵ و پێگە و ڕەخنەگرتن لە ژندا خستووەتە ڕوو. بۆ نموونە شاعیر دیدگای خۆی سەبارەت بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو لە شیعری لە "ڕەگەزی ئێمە"دا، کە ساڵی ١٩٦٢ نووسیویەتی ڕووني دەکاتەوە، کە ئافرەت و پیاو لەڕووی هۆشیارییەوە یەکسانن و جیهانبینیی خۆی دەخاتە ڕوو، ڕوو لە پیاوان دەکات و دەڵێت:

من مێ

تۆ نێر...

بەهرەت هەبێ

بەهرەدارم

دوژمنایەتی تۆ چیە

چێژ وەردەگری لە ئازارم. (زەینەب خان، ٢٠٢٢: ٢٥٩) .

لەم کۆپلە شیعرەدا، جیهانبینیی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت، پێیوایە کە ئافرەت لە ڕووی توانای بیرکردنەوە و بەهرەداریدا هیچی لە پیاو کەمتر نییە و یەکسانن، بۆیە نابێت پیاوان بە جیاوازیی هێزی جەستەیان ئازاری ئافرەتان بدەن چونکە، «ئەوە سروشتە وای کردووە، ژن و پیاو جیاواز بن، ئەم گوتەیە کاتێک دروستە، مەبەست لەو جیاوازییە، تەنیا لە یەکدینەچوونی بیۆلۆگی بێت و هیچی دیکە، بەڵام ئەوەی پیاو لە ژن باڵاترە، لە ئەفسانەیەکی حەوت ڕۆح بەو لاوە، هیچی دیکە نییە. » (حەسەن، ٢٠١٣: ٦٩).

**٢-٢-٢- ڕەخنەگرتن لە دیاردە ناشیرنەکانی کۆمەڵگە لە دیدی زەینەب خاندا:**

بە تێڕامان لە دەقە شیعرییەکانی زەینەب خاندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لە بەشێک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا ڕەخنەی لە دیاردە چەوتەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی گرتووە، چونکە ئەرکی شاعیر لە شیعرەکانیدا تەنیا گواستەوەی ڕووداوەکان، یان ڕەنگدانەوەی وێنەی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو ئەرکی ڕەخنەگرتن و چاکسازیشە. «شاعیر لەم ڕێچکەیەدا پەیامی ئەوەیە، کە ڕەخنە لەو شتانە بگرێت، کە شایستەی ڕەخنەلێگرتنن، جا بابەتی ڕەخنەلێگرتنەکە هەر بوارێکی جیاوازی ژیان بگرێتەوە، هەر بە تەنیاش خودی بابەتەکە نەخاتە ڕوو، بەڵکوو بەدوای هۆکاری سەرهەڵدانی و چۆنییەتیی ڕوودانەکەی دەگەڕێت و شیکارییانەش شییان دەکاتەوە» (بیرێژی و محەمەد، ٢٠١٥: ١٩). کەواتە شاعیر هەوڵ دەدات ڕۆشنایی بخاتە سەر بۆشاییەکانی نێو بەهاکانی کۆمەڵگە،

زەینەب خانیش هەریەک لە بابەتەکانی شاعیران، دابونەریت، بێ پلانی، خیانەت، ناتەبایی، پیاوسالاری، هێزی چەک، دیاردە ناڕەوشتییەکانی نێوکۆمەڵگەی کوردی خستووەتە بەرنەشتەری ڕەخنەکانییەوە، لە سۆنگەی دڵسۆزی و خەمخۆری بۆ نەتەوەکەی ڕەخنە لە دیاردەی خیانەت و براکوژی دەگرێت. لە شیعری "ئەمڕۆ و بەیانی"دا، کە ساڵی (١٩٤٦) نووسیویەتی، دەڵێت:

بەعزێ لەشکری دوژمن دەهێنن

هەتاکوو پشتی یەکتر بشکێنن

خیانەت نابڕێ لە خوێنی کوردان

بۆیە قەت نابنە هەتاوی ئاسمان

کێ دێ ئەو سیحرە بۆ من بەتاڵ کا

برا کە خوێنی برا حەڵاڵ بکا؟! (زەینەب خان، ٢٠٢٢ : ١٦٦)

جیهانبینیی شاعیر بە ڕوونی دەردەکەوێت بەوەی میللەتێک هەرخەریکی خیانەتکردن بن لە یەکتری، هەتاوی ئازادییان لێ هەڵنایەت. شاعیر بەلایەوە حەڵاڵکردنی خوێنی برا بەدەستی یەکتری، بە سیحرێکی ڕەش دەزانێت، کە بە کەس بەتاڵ ناکرێتەوە، واتە دیاردەیەکە لە بەرۆکی کوردان نابێتەوە.

**٢-٢-٣- پەروەردە و فێرکردن لە دیدی زەینەب خاندا:**

شیعری منداڵان بە یەکێک لە سەرچاوەکانی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، بایەخ بە کەسایەتیی منداڵ و ژیری و جەستەی دەدات، بەمەش ئەزموونێکی سەرەتایی لای منداڵ دروست دەکات، لە ئاییندەدا لەگەڵیدا دەژی. ئەم جۆرە شیعرە بە چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێتەوە، کە تیایدا ڕەچاوی ئاستی تێگەیشتن و توانای گەشەی مێشک و تەمەنی منداڵ دەکرێت، بۆ ئەوەی منداڵان بیخوێننەوە و سوود و چێژی لێ وەربگرن.

شیعری منداڵان «گوزارشتی جوان و وتەی شیرین و ئاسان دەگەیەنێ کە خۆشی دەخاتە دەروونی منداڵان و زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوەکانیان و گەشی دەخاتە ڕوویان و گەشبینی و هیوا و بڕوا و متمانە بەخۆبوونیان پێ دەبەخشێت. ئەدەب بۆ منداڵان خۆراکێکی ڕۆحییە کە هۆش و خەیاڵی منداڵان پێویستییان پێی هەیە، زاخاوی بیر و هۆشیان دەدات، زەین ڕوون و ڕۆشنبیر و زۆرزانیان دەکات.» (فەتاح، ٢٠٢٢: ٩٥). بەم شێوەیە ئەو دەقانەی بۆ منداڵان دەنووسرێن هەر دەقێکی ئاسایی نین، بەڵکوو مەبەستدارن، کاریگەری درێژخایەن لەسەر هزر و خەیاڵ و دەروونی منداڵاندا بەجێ دەهێڵن، بۆ ئەم مەبەستەش زەینەب خان لە دیوانەکەیدا چەند شیعرێکی بۆ منداڵان تەرخانکردووە، کە ناوەڕۆکەکانیان مەبەستەکانی ئامۆژگاری و هاندانی منداڵان و ئاژەڵدۆستی لەخۆگرتووە. ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین، جیهانبینیی تایبەتی شاعیر بۆ منداڵان ئاشکرا بکەین. زەینەب خان لە شیعری "ئەدەبی خوێندن"دا، کە ساڵی (١٩٤٠) نووسیویەتی، نەخشەڕێگەیەکی دروست پیشانی منداڵان دەدات، تا لە ژیانی ڕۆژانەیاندا سوودی لێ وەرگرن، دەڵێت:

بەیانی لە خەو هەڵساین، دەم و چاومان جوان دەشۆین

چییان هێنایە پێشمان، شوکری خوا دەکەین، دەخۆین

دەچینە بەر ئاوێنە، شانەی گیرفان دەردێنین

گوڵاو لە خۆمان دەدەین، پەرچەمان دادەهێنین

دوایە زۆر بە بێدەنگی، دەگرینە بەر ڕێی مەکتەب

ڕێز لە مامۆستا دەنێین، بەحورمەت و بەئەدەب

نابێ دەنگمان بەرز بێ، لەسەر دەنگی مامۆستا

بۆ وەڵامی هەر پرسیار، دامەنیشە و بوەستە

هەوڵی خوێندنت بدە، ئەگەر عاقڵ و ژیری

بەبێ خوێندن ناگەیتە، دانایی و ڕۆشنبیری (زەینەب خان، ٢٠٢٢: ٢٩٢)

شاعیر لەم دەقەیدا ڕەفتاری ڕۆژانەی هەر منداڵێک لەماڵەوە تا قوتابخانە دەخاتە ڕوو، پاشان ئامۆژگارییان دەکات، کە لە بەرانبەر مامۆستادا بەڕێزبن لە خوێندنیشدا بەردەوام بن تا دەگەنە دانایی و ڕۆشنبیری. زەینەب خان لەم دەقەیدا هێندە وردی وێنای جیهانی منداڵانی کردووە، بە چەشنێک هیچ لایەنێکی ژیانی ڕۆژانەی منداڵی فەرامۆش نەکردووە. جیهانبینیی شاعیر لەم دەقەدا وێناکردنی سەرتاپای قۆناغەکانی ژیان و خوێندنی مرۆڤە لە منداڵییەوە تا گەورەبوون.

**٢-٢-٤- بەها مرۆییەکان لە دیدی زەینەب خاندا :**

بەها مرۆییەکان لە شیعردا ڕەنگدانەوەی ئەزموون و هەستی قووڵی مرۆڤە. شاعیر دەتوانێت تێیدا ئامرازە هونەری و جوانیناسییەکان بەکار بهێنێت، بۆ تیشکخستنە سەر بەها سەرەتاییەکانی مرۆڤ وەک دادپەروەری، ئازادی، خۆشەویستی... «بەها مرۆییەکان کۆمەڵێک ڕەوشت و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ڕەفتار و بنەمای ئایدیاییکی تاکە، لە سەرەتای منداڵییەوە لەسەریان پەروەردە دەبێت، بە درێژایی ژیانی لەگەڵیدا بەردەوام دەبێ و لە ژیانی ڕۆژانەشیدا، بە شێوەیەکی خۆڕسک و سروشتی پراکتیزەیان دەکات. هەوڵێکە لەلایەن تاکەوە بۆ خۆڕازیکردن و بەدەستهێنانی ڕێزی کۆمەڵگە» (حمزة، ٢٠١٩: ٧). زەینەب خان بۆ ئەم مەبەستە دەستڕەنگینیی خۆی لە بەشێک لە شیعرەکانیدا پیشان داوە. لە دەقی "هیتلەری زاڵم"دا، کە ساڵی ١٩٤٢ نووسیویەتی، جیهانبینیی خۆی لەبارەی بەها مرۆییەکانی وەک دادپەروەری، هاوسۆزی، یەکسانی، خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی گەیاندووەتە لووتکە، دەڵێت:

ئینسان ئینسانە چ لێرە و لەوێ

ئازار بەو بگا بە منیش دەکەوێ

چ جوولەکە بێ و مەسیحی و ئیسلام

هەمووی ئینسانن باقی وەسسەلام

خوایە ڕیسوای کەی هیتلەری زەبوون

جەسەدی ئینسان دەکا بە سابوون

جەرگم دەسووتێ و دڵم ژان دەکا

ئەو زوڵمە ڕۆحم هەراسان دەکا (زینەب خان، ٢٠٢٢: ١٣٦ ).

لەدیدی شاعیردا، مرۆڤبوون پێوەری سەرەکییە لە کۆمەڵگەدا و پێی وایە نابێت مرۆڤ لەسەر بیروباوەڕ و ئایینی جیاواز مافیان پێشێل بکرێت و ئازار بدرێن، چونکە زەینەب خان بە ئازاردانی هەر مرۆڤێک لە جیهاندا ئازار دەچێژێ و هاوسۆزی خۆی لەبەرانبەریاندا دەنوێنێت، ئەمەش ئەوپەڕی مرۆڤدۆستیی شاعیرمان پیشان دەدات، بۆیە نزای ڕیسوابوون لە هیتلەر دەکات.

**(٤) ئەنجام:**

- ئەزموونی ئەدەبیی زەینەب خان وەک ژنێکی کورد، لەو سەردەمەدا ئەزموونێکی بێهاوتا بووە. بۆ خۆی لە خانەوادەیەکی ئایینپەروەر بووە، بۆ خۆیشی کەسێکی باوەڕدار بووە، بۆیە بەشێک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی بۆ لایەنی ئایینی تەرخانکردووە. شاعیر جگە لە دەرخستنی دید و تێڕوانینی خۆی بەرانبەر: بنەماکانی باوەڕ هێنان بە خودا و پێغەمبەر، کتێبە

ئاسمانییەکان، قەزا و قەدەر، ڕۆژی دوایی، زانستیش دەکاتە بنەمایەکی دیکەی باوەڕهێنان. دیدی شاعیر بۆ بوونی زاتی خودا هەڵگری باوەڕێکی ئایینیی قووڵە، چونکە باس لە مانەوەی خودا و لەناوچوونی هەموو بوونەوەرەکان دەکات. دیدێکی ئەرێنیشی هەیە بەرانبەر پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، کە پڕە لە ڕەحمەت و بەزەیی، کە وەک هێمای شەفاعەت و ڕەحمەتی پەروەردگار وێناي دەکات. بەگشتی شاعیر لەکۆی ٢٠٩ دەقی شیعری دیوانەکەیدا ٣٨ دەقی بۆ مەبەستە ئاینییەکان تەرخان کردووە.

– زەینەب خان وەک شاعیرێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگە، کێشە و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکانی لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بەرجەستە کردووە، هەڵبەتە ئەمەش دیدگای شاعیرمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە بەرانبەر ڕۆڵ و ئەرکی شیعر، کە تەنیا گەمەیەکی زمانەوانی ڕووت نییە، بەڵکوو ئەرکدارە و پەیامێکی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە هەریەک لە پرسەکانی ئافرەت، ڕەخنەگرتن لە دیاردە ناشیرنەکانی نێو کۆمەڵگە و دانانی ڕێگەچارە بۆیان و پەروەردە و فێرکردن... کردووەتە بابەتی بەشێک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا. شاعیر لە کۆی ٢٠٩ دەقی شیعری دیوانەکەیدا، ١١٠ دەقی بۆ پرس و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان کردووە.

### (٥) سەرچاوەکان

بەکوردی:


– باجەلان، بڵند (٢٠٢٤)، زەینەب خان لەنێو دونیای چەمکە جیاوازەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانە کوردستان، سنە.

– بیرێژی، محمد، حەسەن یوسف، شاخەوان فەرهاد، (٢٠١٥)، پێشمەرگە لە شیعری شاعیرانی کورددا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– برایم، ڕابەر سەید، (٢٠١٨\٧\٣)، زەینەب خان ئەستێرەیەکی بزر لەبەرزایی ئاسمان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ٧٦٠٤.

– بەرزنجی، ئیسماعیل، (٢٠١٨\٧\٣١)، شێرکۆ بێکەس لەنێوان جیهانبینی و شیعرییەتدا، بەرواری سەردانیکردنی سایت -٢٠٢٤\١١\١٥ کات شەشی ئێوارە- http://www.khakty.net\all-detail.aspx.

– جەمال، نەوزاد، (ئەیلولی٢٠١١)، دەربارەی خودا لە ئایینەکان و قۆناغی بەر لە ئایینەکاندا، گۆڤاری کەوانە، ژمارە ٣.

– حەسەن، حەمە سەعید، (٢٠١٣)، مێ لە سایەی ستەمدا، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

– حەیدەری، مومتاز، (پایزی٢٠٢٢)، دیوانی کچە کورد زەینەب خان شاکارێکی مەزن، گۆڤاری مێژوناسی، ژمارە٣.

– حەوێزی، دەریا جەمال حەوێز، (٢٠١٣)، جیهانبینی شیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست) لەباشوری کوردستاندا، کۆلێژی زمان-زانکۆی کۆیە، تێزی دکتۆرا.

– دەشتی، کەریم، (٢٠١٣)، فەلسەفە و ئەدەب، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

– ڕەسوڵ، شوکریە شەکراو، (٢٠١٨)، زەینەب خان (کچە کورد)، (١٩٠٠-١٩٨٣) خانمە شاعیری پێشەنگ لەخەبات و کۆڵنەداندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

– ڕەسوڵ، حەمە ڕەسوڵ، (٢٠١٣)، جیهانبینی لەڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ٢٠٠٠-٢٠١٠، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

- ڕەسوول، سوداد، (٢٠١٩/٨/٥)، دیوانی زەینەب خان کچە کورد ڕاستیە یان وەهم؟، زانکۆی سۆران – فاکەڵتی پەروەردە، گۆڤاری ڕامان ، ژ٢٦٧.

- ڕزگار، محەمەد، (٢٠٢٢)، ئاینی ئیسلام، https:\\zaniary.com\blog\٦٢٩٠١٠٦c٤e٨ef سەردانیکردنی سایت١\١١\٢٠٢٤ کات ٧و٢٠خولەکی ئێوارە.

- زەنگەنە، مەلاڕەئوف، عەبدوڵا، حیکمەت حەمید، (٢٠٢٢)، دیوانی زەینەب خان (کچە کورد) ١٩٠٠-١٩٦٣، چاپخانەی انتشارات سنە.

- شەریفی، فەرشید، (٢٠٠٧)، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستەکۆمەڵایەتیەکان ئینگلیزی- فارسی- کوردی ،چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی.

- شەورۆ ، سلێوە، فازڵ، هاوژین، (٢٠١٧)، جگەرە لە جیهانبینیی شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- عارف، محەمەد نوری، (٢٠١٨)، زەینەب خان (کچەکورد) ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرەی کە مافی خۆی پێنەدراوە.

- عەبدولڕەحمان، مەعرووف، (تەمووزی٢٠٢٢\)، وەڵامێک بۆ مامۆستا سوداد ڕەسوول، دیوانەکەی زەینەب خان ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، گۆڤاری دیوان، ژمارە (١٤).

- عەلائەدین، عەبدولخالق، (٢٠٢١)، کۆمەڵێک هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە کۆکردنەوەی زەینەب خان مەلا ڕەئووف خادم سوجادە، چاپی یەکەم،

- عزالدین، سۆران بهاءالدین، (٢٠٢٣)، جیهانبینی سالم لە شیعرە کوردییەکانیدا، تێزی دکتۆرا،ک ۆلێژی زمان-زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- عەلائەدین، عەبدولخالق، (٢٠٢٠\٢\٥) زەینەب خان لە نزیکەوە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٧٣) بەریتانیا.

- عەبدوڵا، سەروەر، (٢٠١٩)، دیوانی زەینەب خان و چەند سەرنجێکی دەقناسی لەمەڕ نادروستی تێکستەکانی ماڵپەڕی چاودێر،https:\\www.cgawderorh\detailnews.aspx?Jimبەرواری سەردانیکردنی سایت ٢٠٢٤\١١\٢کات ٤و٣٠ خولەکی عەسر.

- غەمبار، کەمال، (٢٠٢١)، ژیاننامەی زەینەب خان لە هۆنراوەکانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانە ماد.

- قەرەداخی، مەهاباد، (بەهاری ٢٠١٨)، زەینەب خان شاژنی بێ عەرشی شیعرستانی سەدەی بیستەم، گۆڤاری شیکار، ژمارە (٢٣) .

- فەتاح، عەبدولکەریم، (٢٠١١)، "میزان" ئیسلام لە نێوان دەرکەوتەکانی میزانی قورئاندا پرۆژەی نوێبوونەوە.

- فەتاح، ماجید خەلیل، کۆمەڵەنووسەرێک، (٢٠٢٢)، دیداری منداڵان، سلێمانی.

- فەرەج، هۆگر مەحموود، (٢٠٢٠\١\٥)، دیوانەکەی زەینەب خان (کچە کورد) گومانە کوردانەکانمان، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زمان، گۆڤاری ڕامان، ژ (٢٧٢).

- کەریم، حەسەن یوسف، (٢٠١٢ )، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی عەتا

نەهایی دا، نامەی ماستەر، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .

- کەریم، عەلی مستەفا، (٢٠١٣)، جیهانبینیی ئایینی و میتافیزیکی لای گۆران، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان.

- موفتی، عەلائەدین، عوسمان ڕەشاد، عەبدولخالق، (٢٠٢٠)، زەینەب خان و چەند بیرەوەریەک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماد.

- مەعرووف، عەبدلڕەحمان، (٢٠٢٠\١٢\١١\٥)، زەینەب خان کچەکورد لە ویژدانی چەند کەسایەتییەکدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ( ٢٧٨-٢٧٧)

**بەزمانی عەرەبی:**

- البحيري، محمد الامين، (٢٠١٥)، البنيه التكوينيه من الاصول الفلسفيه الى الفصول المنهجيه، بيروت كلمه النشر و توزيع ط١.

- المفتي، عثمان، (ئاب-٢٠١٨)، زينب خان..الأديبة الكبيرة التي لم ينصفها التاريخ، أربيل.

- بن سراي، نصر الدين، (شتاء-٢٠١٨)، رؤيه العالم بوصفها اداة اجرائيه لمقاربه الحداثه، مجلة-اسلاميه للمعرفه، السنه-٢٣، عدد-٩١.

- بن لحسن، بدران، (١١/١٠/ ٢٠١٦)، في جوهر المرجعية الإسلامية، https://www.aljazeera.net/blogs// زيارة الموقع٢٠٢٤\١٠\٢٩ ساعة ٣و٣٠ عصرا.

- حمزه، محمد، (الخميس ٨ ذو القعده ١٤٤٠ ه، ١١ يوليو ٢٠١٩ م )، القيم الانسانيه،

زياره الموقع ٢٠٢٤\١٢\٧ ساعه ٨:٤٠ مساء https://www.alriyadh.com/١٧٦٥٣٣٧

- زايد، احمد، (سبتمبر ٢٠١٥)، مفهوم رؤيه العالم في علم الاجتماع والانتروبولوجيا، مجله- الاجتماعيه القوميه- المجلد الثاني والخمسون، العدد الثالث.

- سلام، محمد زغلول، (تاريخ الاضافه ٢٠٠٦/١٠/١١ ميلادي)، رؤية في الشعر الاسلامي بين المضمون والشكل، مجله الادب الاسلامي، السنه الثانيه، العدد السادس.

- شحيد، جمال، (١٩٨٠)، البنيه "التركيبيه دراسه في منهج لوسيان غولدمان" منهج البحث الادبي، دار ابن طاهرعلي جواد، بيروت.

- شكري، غالي، (١٩٨٦)، شعرنا الحديث إلى أين ؟، دار المعارف، القاهرة.

- عاطف، فضول، (٢٠٠٠)، النظريه الشعريه عند اليوت وادونيس، الهيئه العامه لشؤون المطابع الاميريه.

- عبدالحميد، شرف الدين، (٢٠ ابريل ٢٠٢٠)، افلاطون -٣- نقد الالحاد وادلة وجود الاله عند افلاطون، مواقع أعضاء هيئة التدريس بجامعة سوهاج.

- عبدالمالک، هاله ربيع عبدالعزيز، (٢٠١٤)، شعر اليوسفيين دراسه تحليليه فى ضوء (رؤية العالم) لجولدمان، حولية كلية اللغة العربية زقازيق، عدد-الثالث و اربعون.

-... › https://staffsites.sohag-univ.edu.eg زيارة الموقع ٢٠٢٤\١٠\٢٥ الساعة ٨و٤٠ دقيقة مساء.

- عبد الاله، عنتر صلحي، (٨ اغسطس ٢٠٢٠)، مفهوم الحياه والموت في الاديان السماويه، https://almohaweron.co/١٠٣٤٧-٢/زيارة الموقع ٢٠٢٤\١١\١٢ الساعة١٠و٤٠ دقيقة مساء.

- فضل، صلاح، ( ٢٠٠٢)، مناهج النقد المعاصر، دار الافاق العربيه، القاهره.

- ملكاوي، فتحي حسن، (٢٠٢١)، رؤية العالم حضور وممارسات في الفكر والعلم وتعليم، ط الاولي، المعهد العالمي للفكر الإسلامي - هرندن – فرجينيا- الولايات المتحدة الامريكيه.

- مجموعة مؤلفبن، ( ١٤١٩هـ/١٩٩٨م)، أطلس الحضارة الاسلامية، ط١، مكتبة العبيكان الرياض.

- منصور، المختار، فاطمه صباح، وسن عبد الغني مال الله، (٢٠٢٢)، الرؤيه الشعريه مقاربه تاصيليه، مجله ابحاث- كليه تربيه الاساس، المجلد (١٨)، العدد(٤).

- وادى، طه، (٢٠٠٣ )، الروايه السياسيه، ط١، دار نوبار للطباعه ، القاهره.

بەزمانی ئینگلیزی:

-Albert Sidney Hornby(2010) ,Oxford Advanced Learners Dictionary.8th ed. Oxford; Oxford University PRESS. {cited ٢٠٢٣ Jun٢٣}, P.١٧٨٠.

## الملخص

هذه الدراسة هي محاولة لإبراز أفكار ورؤية زينب خان في أشعارها تجاه الدين والمجتمع. وبما أن رؤية العالم جزء من النسيج الثقافي، ولهذا أصبح الدين والقضايا الاجتماعية محل اهتمام وتأمل الشاعرة، وهذا بدوره أدى إلى عرض أفكارها ووجهة نظرها حول هذه الموضوعات، ومن الجدير بالذكر أن نظرة الشاعرة للدين إيجابية، إذ استفادت من القيم الدينية لتعزيز الأخلاق والعمل الصالح. وقد تأثرت في ذلك بعائلتها وتعليمها الديني .

زينب خان، كشاعرة غير منفصلة عن المجتمع، جسدت المشاكل والقضايا الاجتماعية في محتوى أشعارها، وهذا بالطبع يوضح لنا رؤيتها تجاه البعد الاجتماعي، الذي أصبح مرآة لإيصال موضوعاتها. ومن هذا المنطلق أصبح كلا الموضوعين جوهر بحثنا هذا إذ يندرج ضمن فئة الرؤية العالمية الخاصة في إطار رؤية لعصر ما. واقتضت مادة الدراسة أن تنقسم إلى قسمين وأربعة محاور، وكل محور يتضمن عدة موضوعات. وهذه المواضيع تبرز أهمية دراستنا هذا ولتنظيم العمل بشكل أفضل، اتبعنا منهج (النقد الاجتماعي- النقد التحليلي)، تم تحليل الأمثلة الشعرية المستخدمة حسب الضرورة.

الكلمات المفتاحية: رؤية العالم، الدين، البعد الاجتماعي، الشعر، زينب خان.

**Religion and Society in Zainab Khan's Viewpoint**

**Abstract**

The present paper is an attempt to explore Zainab Khan's thoughts and views in about religion and society in her poems. The worldview of the poet is based on the cultural structure of the society she lived in, and the religion and social issues have become the focus of her thoughts. Zainab Khan was one of the poets who was highly sensitive to religious and social issues; she expressed her views on these subjects in a particular way. The poet's view of religion is positive and benefits from religious values received to promote morality and goodness. This feature was influenced by hwe family and religious education. Zainab Khan has reflected social problems in the content of her poems, which explains her worldview towards the social dimension. The article consists of two parts and four themes, and each theme includes several topics. These issues highlight the significance of our research. To further organize the work, the researchers have followed the method of social criticism and analytical criticism while analysing the poetic examples used as necessary .

**Key Words**: Worldview, Religion, Social Dimension, Poetry, Zainab Khan.